# هیندییەکان بازاڕی کوردستان داگیر دەکەن

## فرۆشیارێک: ڕێژەی 95% برنجی هاوردەکراوی کوردستان لە هیندستانەوە دێت



ڕیپۆرتاژ/لاپەڕەی ئابووری و بازاڕ

**ڕێژە و جۆرو خواستی برنجی بیانی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان لە هەڵکشاندایە، ئەمەش وایکردووە بازاڕەکانی کوردستان پڕبن لە جۆرەها جۆری برنج و هەریەکەیان بە نرخی جیاواز بخرێنەڕوو، لەلایەکی دیکە نەتوانرێت کوالیتی باش و خراپ جیابکرێتەوە، لەم ڕیپۆرتاژەدا ژمارەیەک فرۆشیار لەو بارەیەوە قسە دەکەن.**

### گۆڕانکاری لە کوالێتی برنج

سەلاحەددین عەزیز ئیسماعیل خاوەنی فرۆشگەی هەڵۆ لە بازاڕی شێخەڵڵای شاری هەولێر لە بارەی جۆری برنج نرخ وزۆری مارکە بازرگانییەکان و کوالێتییەکەی دەڵێت:" بازرگانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی برنج بە کۆمەڵ ڕێژەکەی زیاتر بهێنن و ڕکابەری جۆری دیکەی برنج بکەن لە دابەزینی نرخدا کۆمپانیا دەچن برنجی کوالێتی نزم دەهێنن، بۆیە سەرەتا کە برنجێک دەهێنن نمرە یەکە، بەڵام پاشتر نمرە دوو یا خراپتر دەهێنن، بەڵام برنجیش هەیە ماوەی 10 ساڵە یەک جۆرەو نەگۆڕاوە".

لە لایەکی دیکە شوکر عەلی قادر بریکاری کۆمپانیای برنجی داوەت ئەو قسەی فرۆشیارەکەی دیکە پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێ:" برنجی 1121 هیندی زۆر جۆری هەیە، هەیانە سەدا 10% تا 15% یا 20% نمرە دوو سێی خراپی لەگەڵ تێکەڵ دەکات و هەیە ڕێژەی زیاترە، هەرچەندە ڕێژەی خراپ لە گەڵ نمرە یەکەکەی تێکەڵ بکرێت بۆ بازرگان باشترە تا کێبڕکێی نرخی پێ بکات لە بازاڕ تا بە نرخی کەمتر بیفرۆشێت و ڕێکلامی زۆرتری بۆ بکات، بێگومان چەندە ڕێژەی فرۆشی زۆرتربێت قازانجی زیاترە، برنجی بەسمەتی لە هەموو جۆرەکانی برنج گرانترە و برنجێکی سپییە نابێتە 1121".

### فرۆشتنی برنجی کوالێتی نزم بە مارکەی باش

خاوەنی فرۆشگەی خەیلانی ڕەشادکەریم لە بازاڕی شێخەڵڵای شاری هەولێردەڵێ:"دوو جۆر برنج لە هەمان مارکە هەیە تەنها بۆ ڕەوجدانی برنجەکەیە تا زۆرترین ڕێژەی بفرۆشێت، بازرگانەکان یەکەمجار برنجەکەی دەفرۆشێت پاشان گونییەکە دەفرۆشێت، کەچی کڕیار یەکەمجار برنجەکەی بردووە باش بووە، بەڵام دووەمجار دەیباتەوەماڵەوە خراپ دەردەچێت، بۆیە فرۆشتنی برنجی کوالێتی نزم بە مارکەی باش کاری بازرگانەکانی هەرێمی کوردستانە بە هەماهەنگی لە گەڵ کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی هیندستان و تایلەند".

### برنجی هیندی لە ڕیزبەندی یەکەمە

خاوەنی فرۆشگەی هەڵۆ سەلاحەددین عەزیز ئەوەیشی گوت:" یازدە بیست ویەک قەبارەی برنجەو باشترین جۆری برنجە لە هیندستان، هەیە لەو 1121ی هیندیەش باشترە، هەموو بازاڕ بۆتە برنجی هیندی، ئێستا سەدا 5% برنجی تایلەندی لە بازاڕ ماوە، ئەوەی دیکە دەمێنێتەوە سەدا 95% برنجی هیندییەو جۆری برنجەکانیان باشەو بەکاربەری هەرێمی کوردستانیش فێری خواردنی برنجی هیندی بووە، هەر ئەوەش وایکردوە ڕێژەی فرۆشی برنج لە بازاڕ بکەوێتە سەر ئاستی ڕێژەی دابەشکردنی برنج لە بەشە خۆراکی هاووڵاتیان هەر کاتێک دابەشنەکرێت ڕێژەی فرۆشی بەرزدەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی بەکاربەر کەمتر برنجی بایەعی بەکاردەهێنێت، بەڵام کاریگەری لەسەر بازاڕ هەیە، برنجی بایەعیش برنجی تایلەندییە، بەڵام ڕەنگە نمرە دوو بێت".

### بەرەکەتی برنج لە هیندستان و دابەزینی نرخ لە کوردستان

خاوەنی فرۆشگەی هەڵگورد موحسین مەحمود ساڵح لە بارەی هۆکاری بەرزنزمی نرخی برنج لە بازاڕ دەڵێ:" هۆکاری نزمبونەوەی نرخی برنج دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی زۆری هاوردەکردن و خستنەڕووی لە بازاڕەکانی کوردستان، پێشوو فەردەی 35 کیلۆ گرامی بە 60هەزار دیناربوو ئێستا بە بۆتە 50هەزار دینار، برنج وەک گەنم و جۆ وایە ساڵ هەیە برنجەکە بەرهەمی باشترەو ساڵ هەیە خراپترە، ئەمساڵ بەرهەمی بش بووە و ڕێژەی هەناردەکردنی برنج لە هیندستان بۆ هەموو وڵاتێک بەرزبۆتەوە".

هەروەها شوکر عەلی بریکاری کۆمپانیای داوەت دەڵێ:" ئەمساڵ ساڵی بەرهەم زۆری برنجە لە جیهان، ئەگەر لافاوی تایلەند نەبوایە ڕەنگە ئێستا نرخی برنجی تایلەندی ئێجگار زۆر نزمتر بوایە بە بەراورد بە برنجی هیندی، جگە لەوەی تێکەڵکردنی برنج باش و خراپ وایکردووە کۆمپانیاکان ڕکابەری بکەن لە سەر دابەزینی نرخی برنج".

### برنجی ساختە

هەردوو فرۆشیار"سەلاحەددین و شوکر" هاوڕان لسەر ئەوەی کە هەندێ بازرگانی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لە گەڵ کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە هیندییەکان کیسەی و گونییەکان لە هیندستان بە کوردی لە سەری دەنوسن و هاوردەی دەکەن، هەروەها ئەوەشیان گوت:" زۆر جار برنجێک هاوردە دەکرێت جۆرەکەی باشە، دوای ئەوەی وەجبەیەکی دیکە دەهێنرێت خراپ دەردەچێت، جاری وا هەیە ساختەکردنی برنج لە ڕێگەی بەغداوە دەکرێت و دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، بۆیە کۆمپانیا بریکارەکانی هاوردەکراوی برنجەی سختەکراوە ناچارن هەموو برنجە ساختەکان ڕاکێشنەوە لە بازاڕ".

شوکر عەلی بریکاری کۆمپانیای داوەت ئەوەیشی گوت:" هەر برنجێک ڕێکلامی بۆ بکرێت ئەوە بزانە برنجێکی خراپە و نافرۆشێت بۆیە ڕێکلامی بۆ دەکات، برنجی داوەت یش لە ئەوروپا کۆمپانیا بەرهەمهێنە هیندییەکە ساختەی لە جۆری برنجەکە کرد پاشان لە بازاڕەکانی ئەوروپا ڕایانکێشایەوە، بەڵام ئێستا جۆری باشەکەی لە بازاڕە، سەبارەت بە جیاکردنەوەی برنجی ساختە لەهی نمرە یەک ناتوانرێت بکرێت، چونکە بەشێک لە بازرگانەکانی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە هیندییەکان برنجی کوالێتی خراپ تێکەڵ بەرنجی نمرە یەک دەکەن لەناو هەمان گونییەو نایلۆنی مارکەی برنجە باشەکە، کڕیاریش نازانێت تا نەیکڕێت و دروستی نەکات".

خاوەنی فرۆشگەی هەڵگوردیش لەو بارەیەوە دەڵێ:" هەرچەندە برنج بمێنێتەوە بە هێزترە، لە بەر ئەوەی برنج هەیە تازەیەو ڕاستەوخۆ لە هیندستان هاوردەی کوردستان دەکرێت بۆیە خراپ دەردەچێت لە کاتی دروستکردنی بە چێشت، بەڵام نابێت ئەوەش لە بیر بکەین زۆرجاریش ساختە دەکرێت بە تێکەڵکردنی جۆری برنجەکان".

### برنجی خۆماڵی و خواستی ناوخۆیی

خاوەنی فرۆشگەی هەڵۆ سەبارەت بە کەمی ڕێژەی برنجی خۆماڵی گوتی:

" برنجی کوردی خۆماڵی ڕێژەی بەرهەمهێنانی زۆر کەمە، بەشی بەکاربەری ناوخۆیی ناکات، جگە لەوەی نرخی برنجی خۆماڵی زۆر گرانترە لە هی برانجی هیندی، چونکە یەک کیلۆ گرامی برنجی خۆماڵی نرخی دەگاتە 2500 دینار، کەچی برنجی هیندی لە هیندستانەوە هاوردە دەکرێت کیلۆیەک نرخی 1500 کەمترە، ئەمە جگە لەوەی بەرهەمهێنی ناوخۆیی تێچونی زۆرە و لەکاتی فرۆشتنەوەش کڕیاری کەمە، بە بەراورد بە برنجی تایلەندی و هیندی".

شکور عەلی فرۆشیاریش لە بازاڕی شێخەڵڵای شاری هەولێر دەڵێ:" لە کوردستان ئەو جۆرە زەوییە نییە تا برنج ئەو بڕە زۆرەی برنج بەرهەمبهێنرێت، لە هیندستان ساڵی سێ تا چوار جار برنج بەرهەمدەهێنن، برنجی کوردستانیش جیاوازە لە گەڵ هیندستان، برنجی خڕ لە هیندستان نییە، بەڵکو لە ئەمەریکاو ئیسپانیا و چین هەیە، برنجی چینی تامی خۆش نییەو هەرزانە تێکەڵ بە برنجی خۆماڵی دەکرێت دەفرۆشرێتەوە".

### جۆرەکانی برنج

خاوەنی فرۆشگەی خەیلانی لەبارەی جۆری برنجەکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێ:"ئێستا من 12 جۆر برنج دەفرۆشم لە کاتێکدا لە هیندستان 5 جۆر برنج هەیە، بەڵام لە بازاڕدا ئێستا زیاتر 50جۆر هەیە، پاکستان پێنج جۆری هەیە و تایلەند چوار جۆری هەیە، جگە لەوەی مارکەی جۆراوجۆر پەیدابووەو کوالێتی خراپە".

# میدیای ئابووری و کاریگەریی لەسەر بەکاربەر

هۆشمەند ڕەفیق



لە گەڵ بەرفراوانبوونی ئازادییەکان ژمارەی میدیاکان بە نوسراو و بینراو و بیستراو ساڵ بە ساڵ روو لە هەرێمی کوردستان ڕوو هەڵکشاندایە، بەڵام لە نێو ئەو ژمارە زۆرەدا ژمارەیەکی کەم لە میدیای پسپۆڕی تیایە کە تایبەتمەندبێت بە بوارێک، بەتایبەت لە بواری ئابوریدا، زۆر ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ هەن بەشێکی کەمیان لە پرۆگرامەو بەرنامەو لاپەڕەکانیان بۆ بابەت و هەواڵی ئابووری تەرخان کردووە، کەچی وەک پێویست بایەخی پێنەدراوە، لێرەو لەوێ گۆڤارو ڕۆژنامەی تایبەت بە بواری ئابووری هەن ئەویش لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن و بە شێوەی وەرزی دەردەچن و زۆرینەشیان ئامانجی ڕێکلامی لە پشتەوەیە، وەلێ تا ئێستا بازرگان و سەرمایەدارەکانی هەرێمی کوردستان ئاستی هۆشیارییان نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی لە پاڵ ڕێکلامکردن بۆ بەرهەمەکانیان دامەزراوەیەکی میدیای ئابووری دامەزرێنن هەم بۆ کەڵکی کۆمپانیاکەیان و هەمیش بۆ سوودی هاوڵاتیانی کوردستان بەتایبەت کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی یا لۆکاڵی، هەرچەندە بە شێک لە تەلەفزیۆنە ئاسمانی و لۆکاڵییەکان ناپرۆفیشناڵانە مامەڵە لەگەڵ ڕێکلام دەکەن لە پێناو بەدەستهێنان و دابینکردن بڕە بودجەیەک بۆ بەردەوامیدان بە پەخشی تەلەفزیۆنەکەیان و خەرجییەکانی پێ مەیسەر بکەن هەموو جۆرە ڕێکلامێکی بازاڕی بڵاو دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر میدیایەکی پرۆفیشناڵی تایبەت بە ئابووری هەبێت کە خۆی دامەزراوەیەکی گرنگ ببینێتەوە و پێکهاتبێت لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤار و ڕادیۆ و بایەخ بە هەواڵ و شرۆڤە وتوێژینەوەی زانستی ئابووری و بابەتی پێشنیارو ڕیپۆرتاژ و نرخ لە بازاڕ بدات، بەمە هۆشیاری ئابووری بڵاو دەکرێتەوەو دەتوانرێت دەزگاکە یا کۆمپانیاکە ئامانجی خۆی بپێکێ.

ئەگەرچی میدیای ئابووری ئێستا لە هەرێمی کوردستان نییە، تەنها ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان کراوەو لە تەلەفزیۆنەکان هەواڵی ئابوری بڵاو دەکرێتەوە، هەندێک لە تەلە فزیۆنەکانیش وەک باسمان کرد بەناوی کەناڵی لۆکاڵی یا ئاسمانی ئەهلییەوە ڕێکلامی ناپرۆفیشناڵ بڵاو دەکەنەوە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی فەرهەنگی کوردی بکەن و بزانن چەندە کاریگەری لەسەر تاکی بەکاربەری کوردستان هەیە، بەشێکی زۆری ڕێکلامەکان شوێنەواری نەرێنی لە سەر بیرو هۆشی بەکاربەر دادەنێت، بەڵام ئەگەر میدیای ئابوری ڕێچکە ڕاستەقینەکەی خۆی بگرێت ئەوا ئەو کاریگەرییە نەرێنیە دەبێتە ئەرێنی، بەمەش سەرەتا دەبێت لە زانکۆکانی کوردستان بەتایبەت لە کۆلێژەکانی کارگێڕی وئابووری لە پاڵ بەشە زانستییەکانی دیکەدا بەشی زانستی میدیای ئابووری بکرێتەوە بۆ پێگەیاندنی میدیاکاری بەتواناو پرۆفیشناڵی ئابووری.

هەڵبەتە هەبوونی دەزگایەکی میدیای ئابووری لە ئەمڕۆی وەرچەرخانی گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان پێویستیەکی گرنگە، تا لەو کەناڵەوە هۆشیاری بڵاوبکرێتەوە و ڕەفتاری فرۆشیار و بەکاربەر و بازرگان و وەبەرهێن وسەرمایەدار گۆڕانکاری بەسەر دابێت لە نێو کایە ئابورییەکانداو دواجار ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی هەبێت بۆ پەرەپێدانی کەرتە ئابورییەکان، بەمەش ژێرخانێکی پتەوی ئابووری دروست دەبێت.

# دۆسییەی ئەتۆمی ئێران وکاریگەریی لەسەر ئابووریی جیهان

دانا حەمەنوری

**ئەگەر تەماشای کێرڤی ئەو ئاڵۆزییانە بکەین کەماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی دۆسییەی ئەتۆمی ئێرانەوە لە نێوان وڵاتانی خۆرئاو و کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەری هەڵداوە ئەوا دەردەکەوێت کە لە مانگی کانونی دووەمی 2012ئەم کێرڤە گەیشتووەتە بەرزترین ئاست و ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕەکانی جیهان دروستکردووەو نرخی وزەش ناجێگیرییەکی تەواوی پێوە دیارە.**



بۆڕسەی جیهانیش هەڵبەزودابەزی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت و لە چەند ڕۆژی ڕابردودا نرخی نەوت لە بۆڕسەدا گەیشتە 114 دۆلارو دواتر گەڕایەوە بۆخوار 100 دۆلار، ناجێگیری نرخ و بەرزو نزمی بۆڕسە گرفتێکی زۆر جیدی بۆ هەمو جیهان بە گشتی و ئەوروپا بە تایبەتی دروستکردووە، چونکە وڵاتانی ئەوروپا خۆیان لەبنەڕەتدا دەستەو یەخەی چەند گرفتێکی مەزنی وەک گرفتی یۆرۆ و کێشەکانی یۆنان و ئیتاڵیا بونەتەوە، بە گەمارۆی سەر نەوتی ئێرانیش کە نیوەی هەناردەی نەوتەکەی بۆ وڵاتانی ئەوروپا دەڕوات وڵاتانی ئەورووپی توشی کێشەیەکی تریش دەبنەوە، پێشهاتەکانی دۆسییەی ئەتۆمی ئێران سیاسەتوان و ئابورییناسانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە،چونکە مانۆڕە سەربازییەکانی ئێران و لە بەرامبەریدا پەرچە کرداری ئەمەریکا و ئیسرائیل بە ئەنجامدانی مانۆڕی هاوبەش و هەڕەشەکانی ئێران بە داخستنی گەروی هورمز و لە بەرامبەریشدا ئامادەیی شانشینی سعودیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و هەوڵدانی ئیمارات بۆ کردنەوەی دەرچەیەکی ئاوی جێگرەوەو دوو دڵی هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپی و هەریەک لە چین و ڕوسیا لە گەمارۆ خستنە سەر ئێران مەترسییەکی گەورەی لە سەر ئابوری و ڕەوشی تەناهی جیهان دروستکردووە، چونکە ئێران هەروا بە ئاسانی مل نادات بۆ گەمارۆی سەر کەرتی نەوتەکەی کەساڵانە بڕی زیاتر لە 100 ملیار دۆلار داهاتی نەوتی هەیە، هەر لەئێستاوە ئێران هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەکان و سەردانی ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئەو وڵاتەش بۆ ئەمەریکای لاتین و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆک و بەرپرسانی هەریەک لە فەنزوێلا و ئیکوادۆر و نیکاراگوا و کوبا هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لە فشارە نێودەوڵەتییەکان، لە سەر ئاستی هەرێمایەتیش هەڕەشە بەردەوامەکانی ئەم وڵاتە بە داخستنی گەرووی هورمز ئەوەندەی دیکە ڕەوشەکەی قەیراناوی کردووە، وڵاتی چین کە ڕێژەی 11 % نەوتی ئێران هاوردە دەکات بەو بیانووەی کە سزا ئابورییەکان دۆسییەی ئەتۆمیان تێپەڕاندووە نیگەرانی پێوە دیارە، لە لایەکی دیکەوە بەرزبونەوەی نرخی نەوت هەرچەند لە ماوەی کورتخایەن و لە سەرەتادا لەوە دەچێت وەک قازانجی وڵاتانی بەرهەمهێن و هەناردەی نەوت دەرکەوێت، بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە بەرز بونەوەی نرخی نەوت دەبێتە فشارو بارگرانی لەسەر کۆمپانیاکانی وڵاتانی هاوردە و ئەمەش دەبێتە هۆی سستبوونی گەشەیان و کەم بونەوەی خواست لەسەر نەوت و دابەزینی نرخ و لە کۆتایشدا بە زیانی وڵاتانی هەناردەی نەوت دەشکێتەوە . لەم سەرو بەندەدا ئەگەر ئێران هەنگاوی لۆژیکانە نەهاوێژێت و گومانەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت دۆسییە ئەتۆمییەکەی نەڕەوێنێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕەوشەکە بە ئاقارێکی خراپتردا دەڕوات و هەر هەنگاوێکی ئێران بۆداخستنی گەروی هورمز شەرعییەتێکی لاوازی دەبێت، چونکە وڵاتان ئازادن نەوت لە چ سەرچاوەیەک دەکڕن و ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە دەبێت خۆی لە گەڵ هەلومەرج و بارودۆخی نێودەوڵەتیدا بگونجێنێت و نەتەوەکانی ئێران لە ئاسەواری جەنگ و ئابلۆقەدان بپارێزێت.